# لەدوای لێدوانەکانی خەدام، سوریا بە کوێ دەگات؟!

**چاودێرێك**

ڕژێمی سوریا لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانیەوە بە ڕژێمێکی کەللە ڕەق و دالدەدەری تیرۆریستان باسی لێوەدەکرا. دوای کوژرانی ڕەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان، پەنجەی تۆمەتبارکردن بەرەو ڕژێمی سوریا درێژکرا. لێکۆڵەرەوە نێودەوڵەتیەکان گومانی خۆیان لەبەشداربوونو بەڕێوەبردنی ئەو تیرۆرە لەلایەن سوریاوە نەشاردەوە میلیس گەورە دادوەری ئەڵمانی ئەو دۆسیەیەی پێسپێردرابوو ڕاشکاوانە هەندێ گەورە بەرپرسی حکومەتی سوریای بە تێوەگلاند ناساندو داوای وتە وەرگرتنی لێکردن. ڕژێمی سوریا نەیتوانی لاملی زۆرتر لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکاندا بکاتو ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ ئەو کۆمیسیۆنە ڕاگەیاند. هەرچەندە میلس جێگەی خۆی بۆ دادوەرێکی بەلجیکی چۆڵ کرد، بەڵام چاودێرانی سیاسی لەو باوەڕدابوون کە دۆزەکە بەوەندە کۆتانابێ‌و گەردەلوولێکی گەورەتر بەدوای خۆیەوە بەرپادەکاتو ڕژێمی سوریا لەراپێچان نزیك دەکاتەوە، پێشتر ئەمریکاو حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق بەدەست دزەکردنی تیرۆریستانەوە لەخاکی سوریاوە هاواریان لێ بەرز دەبۆوە. ڕژێمی سوریایان بەوە تۆمەتباردەکرد کە هاوکاری تیرۆریستانن، بەتایبەتی پاشماوەی ڕژێمی بەعسی روخاوی عێراق دەکاتو دالدەیان دەدات. کاتێك گوشارەکان چڕتر کرانەوە، ڕژێمی ئەسەد بۆ ئەوەی هەڕەشەکان لەخۆی دووربخاتەوە، نەرمی نواند بۆ سووککردنی گوشارەکان ژمارەیەك بەرپرسی حزبی بەعسی عێراقی لەخاکی خۆی وەدەرنا. تەتانەت سەبعاوی ئیبراهیم، زڕبرای سەدام حوسێنی دیکتاتۆری پێشووی عێراقی رادەستی هێزەکانی ئەمریکا کردەوە. ئەمجارەشیان بۆ سووککردنی گوشارەکان ئامادەبوو ئەو کەسە خوازراوەکان ڕەوانەی نەمسا بکات تا کۆمیسیۆنەکە وتەیان وەربگرێ. کار لێرەوە کۆتا نەبووە. ڕۆژ دوای ڕۆژ مەرتسییەکان لەسەرانی سوریا نزیکتر دەبنەوە. بەڵام کاتی عەبدولحەلیم خەدامی جێگری پێشووی سەرکۆماری سوریا گۆمەکەی شلەقاندو هەندێ نهێنی درکاندو ئاشکرای کرد کە خودی بەشارئەلئەسەد لەیەکێ لەدیدارەکانیدا پەنجەی لەرەفیق حەریری ڕاوەشاندووەو هەڕەشەی لێکردووەو ناوبراویش لەداخانا دووچاری خوێن بەربوونی لوت بووە، ئیدی گومانێك بۆ بێئاگایی ڕژێمی سوریا لەتیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری نەمایەوە. لەیەکەم کاردانەوەدا، لوبنانیەکان خۆشحاڵی خۆیان بۆ دانپیانانەکانی خەدام دەربڕەی‌و بە گەواهییەکی زیندوویان نرخاند. ڕژێمی سوریا کاردانەوەیەکی توندی نواند، خەدامی بەهەدامو ناپاکو خیانەتکار لەقەڵەم داو ئەندامێتی حزبی بەعسی لێسەندەوە. پەرلەمانتارانی سوریا داوایان کرد بە تۆمەتی خیانەتی مەزن خەدام دادگەیی بکرێ‌و سزای خۆی وەربگرێ. حکومەتی سوریاو میدیاکانی ئەو وڵاتە کۆنە رقی خۆیان بەسەر خەدامدا باراندو بنەماڵەی خەدامیشیان بە گەندەڵی‌و ناپاکی تاوانبارکرد.

ئێستا کێشەی خەدام زۆر لەکێشەی ڕەفیق حەریری بۆ سوریا ترسناکترو گڕگرتووترە. ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا پێوانە بۆ قسەکانی خەدام دەکەن‌و کاری لەسەر دەکەن. چاودێرانی سیاسی پێیانوایە حکومەتی ئەمریکا وانەی پەندی لەشێوازی روخانی ڕژێمی سەدام حوسێن وەرگرتووەو نایەوێ ئەزموونی عێراق دووپات ببێتەوە. لەدوای روخانی سەدام، شیعەکانی دۆستی کۆماری ئیسلامی ئێران براوەی یەکەم بوون. دەسەڵاتیان گرتە دەست، درەنگ یا زوو بەرەو پێکهێنانی حکومەتێکی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران تێدەکۆشن. ئێستا بە نهێنی بۆ ئەوە کاردەکەن. حکومەتی ئەمریکا بە هەبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەکەو فەرمانڕەوایەتی شیعەکان لەعێراق‌و دەسەڵاتدارێتی عەلەویەکان لەسوریاو مانەوەی حزبوڵلا لەلوبنان ڕووبەڕووی گەورەترین هەڕەشە بۆتەوە تەنانەت تەلئەبیب لەداهاتوودا دووچاری گەورەترین مەترسی دەبێتەوە. بۆ لاسەنگ کردنی ئەو هاوکێشەیە پێویستیان بە گۆڕانی دەسەڵاتی سوریا هەیە. ناچارن دەسەلاتی دیمەشق بە سوننەکان بسپێرن. بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارەش بە روخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد وەدی دێ. ئێستا دوو نەخشە بۆ روخانی ڕژێمی ئەسەد کاری لەسەر دەکرێ، یا ئەوەتا نەخشەی روخانی سەدام حوسێن دووبارەبکرێتەوە، کە ئەمەیان داهاتوویەکی نادیاری دەبێ. یان ئەوەتا لەنێو خودی ڕژێمەوە کەسانێك هەڵبژێرن و باریان بهێنن‌و دەسەڵاتیان پێبسپێرن. دابڕانی عەبدولحیم خەدام لەڕژێمی ئێستای سوریا و لەدواخستنی گەورەبەرپرسانی ئەو ڕژێمە بەهۆی دانپیانانەکانی خەدام، دەروازەیەکی باشتر لەبەردەم ئامانجی دووەمدا کردۆتەوە. ئەمەریکاو هاوپەیمانانی، خەدامی تەمەن ٧٣ ساڵە بۆ ئەو ئەرکە هاوڕێی دەکەن. هەندێ چاودێری سیاسی پێیانوایە دوای تەواوبوونی دانوستاندنەکانی ئەمەریکا لەگەڵ خەدام، هەنگاوی دیدار لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە بەرهەم هاتووە. حکومەتی سوریاش لەو روانگەیەوە کاردانەوەی توندی بەرانبەر بە خەدام گرتۆتە بەرو ئارمانجی بێدەنگ کردنیەتی. پشت بەستن بە قسەکانی عەبدولحەلیم خەدام، کۆمیسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان داوادەکات وتەی بەشارئەلئەسەدو چەند گەورە بەرپرسی دیکەی ڕژێمی سوریا وەربگرێ. ئەمەیان بەریسوایی دەسەڵاتی دیمەشق تەواودەبێ‌و زۆر بەگران لەسەر خودی سەرکۆمار دەکەوێت. لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین: عەبدولحەلیم خەدام بۆ جێگرتنەوەی بەشار ئەلئەسەد ئامادە دەکرێ‌و لەداهاتووشدا گۆڕانکاری گەورە لەهاوکێشەی سیاسی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕژێمی سوریا خۆیان دەبن. باشتروایە ماوەیەکی دیکەش چاوەڕوانی گۆڕانکاریەکان بکەین.



# پەروەردەی دایكو باوكو كاریگەریان لەسەر منداڵەكانیان

**شاناز**



بناغەی دروست بوونی کەسێتی سەرکەوتوو لە پێنج ساڵی سەرەتای تەمەنی منداڵیدا دروست دەبێ، ئەگەر لەژێر چاودێریەکی وردی پەروەردەکارییا بێت ئەوا دەتوانێت ئەم سەرەتاییە بە بناغەی کەسێتی بۆ گەورە بوون دابنێین لەبەر ئەوە خێزان گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ سەر گەشەی دەروونی ژیرو کەسێتی‌و جەستەی منداڵ. منداڵان لەلایەن خێزانەکانیانەوە فێری بنەماو بیرو بۆچوونەکان لەتەمەنێکی کەمەوە دەبن ئەمانیش لەرێگای فێرکردن‌و هاندانی ڕەفتارە پەسەندەکانی خێزانەکانیانەوەیە، هەروەها دایكو باوك گەورەترین سەرمایەی منداڵەکانیانن پەروەردەکردنی ڕاستو دروستی منداڵ لەئەستۆی دایكو باوکدایە هەر ئەوانن بەخێوکاری‌و بەرهەم هێنەری نەوەی دوا ڕۆژی میللەتەکەمانن.

هەروەها پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن پەروەردەکەیەوە بە باشی بێت یان خراپ بێت هەمان ڕەنگدانەوەو کارتێکەرە بۆ منداڵەکان، دایكو باوکی خوێندەوارو ڕۆشنبیرو ژیر دەتوانن بەباشترین ڕێگا منداڵەکانیان لەهەڵەو ئارەزووە ناڕەواکانیاندا دوور بخەنەوە، چونکە منداڵ ئەگەر لێپرسینەوەو دڵسۆزو دەست پاکی‌و دەروون پاکی بکەن بێگومان ئەو منداڵە لەپاشەرۆژدا کەسێکی سەرکەوتوو بە تواناو لێهاتوو دەبێت. ئەتوانێت زاڵبێت بەسەر بارە ناهەموارەکانی ژیاندا، زۆرجاریش خێزان بە پێچەوانەی ئەمانەوە دەبێت، دوارۆژێکی تاریك بۆ منداڵەکانیان دیاری دەکەن، منداڵەکانیان لەسەر بناغەیەکی ناڕێك پەروەرد دەکەن ئەویش لەئەنجامی ئەو پەروەردە نادروستەی دایكو باوکدایە کە ئامۆژگاری‌و لێپرسینەویان بەرانبەر منداڵەکانیان نییە یاخود هەندێ جار دایکان‌و باوکان ئامرازو شێوازی جۆراو جۆر بەکاردێنن لەپێناوی کۆنترۆڵ کردنی ڕەوشتی منداڵەکە و شێوازی دیاری کراوو ڕوونیان نییە، لەوانەیە دایك و باوك لە یەك کاتدا دووپەیامی دژوار بدەن بە منداڵەکانیان یاخود پەیوەندیەکی پتەو بەشێوەیەکی نائاسای لە نێوان دایك وباوك و منداڵەکانیاندا نەبێت. یاخود لاوازی پەیوەندی دایك و باوك شەڕانگێز یان بەرانبەر بەیەك یان کەمی سۆزی دایك و باوك بەرانبەر منداڵەکانیان،لادانی ژن لە فەرمانەکانی مێردەکەی و خێزانەکەیدا هەڵسان بەکاری پێچەوانەی ئارەزووەکانی خێزانەکەیەوە یان یان شەڕانگێزی و هەڵچونی باوك و بەخێونەکردن و دابین نەکردنی پێداویستیەکانیان و وەستان دژی ئارەزووەکانی منداڵ وخێزانەکەی، ئەمانە هەموو کارتێکەرو ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر بیرۆچوون و کەسێتی منداڵەکە. هەریەك لەو منداڵانە بەپێی تەمەنیان و گەورە بونیان دەبنە نوێنەری ئەو خێزانە و هەڵگری ئەو پەیام و پەروەردەیە دەبن دروست بێت یان ناڕەوا کە لە لەخێزانەکەیانەوە ئاراستە کراون ئەوانیش بەهەمان شێوە کاریگەریان هەیە لەو ژینگە و کۆمەڵگایەدا، کەتیایدا دەژین تەنانەت کاریگەری هەیە لەسەر دەروونی خۆیان و هەست و سۆزی بەرانبەرەکانیشیان ئەم دوو جۆرە پەرودەی خێزانیانە کاردانەوەیەکی زۆر گرنگ دەکاتە سەر کەسێتی ئەو منداڵە، لەپاشەڕۆژدا کەسێکی سەرکەوتوی لێ دەردەچێت یاخود ژیانێکی ناهەموار و پەڵەیەکی ڕەش لەچارەنووسی ئەو کەسە دەردەکەوێت. هەر بەمەبەستی کاریگەری پەروەردەی خێزان گفتوگۆمان لەگەڵ چەند کەسانێکدا کرد بەم شێوەیە وەڵامیان داینەوە: ـ

پرسیار: ئایا پەروەردەی خێزانەکەت واتا دایكو باوك کاریگەریان هەبووە بۆ سەر ژیانی تۆ یاخود لایەنی پۆزەتیڤو نەگەتیڤی پەروەردەییت چی‌بووە، ئایا هیچ کاردانەوەیەکی لەسەر کەسێتی تۆو دوا ڕۆژی تۆ هەبووە؟

ڕاستی ئەحمەد: دەرچووی زانکۆو ٢٤ ساڵ تەمەنی، هەرچەندە ژیان سەختە، بەڵام پەروەردە کاریگەریەکی‌گرنگی هەیە بۆ سەر ژیان هەر لەمنداڵیەوە پەروەردە فێرت دەکات کە چۆن کەسێکت لێ دەربچێت بە باش بێت یان بە پێچەوانەوە، من زۆر سوپاسی دایكو باوکم دەکەم کە بەپەروەردەیەکی دروست پەروەردەیان کردم ئامۆژگارییان کردم، تا بتوانم خوێندن بە سەرکەوتوویی ببڕم‌و کەسێتی خۆشم دەربخەم لەکۆمەڵگادا بەدڵسۆزی خزمەت بکەم.

کارزان سابر: کاسب ٣٥ ساڵ تەمەنی هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە ماڵمان پڕ لەئاژاوەو دووبەرەکی بووکاتێ لەلادێ بووین دایکم ئەیناردین بۆ ناو باخی خەڵکی گوندەکەمان ئێمەش بە ئارەزووی خۆمان شتمان ئەهێنایەوە فاممان نەدەکرد کە گوایە ئەمە کارێکی ناشرینە یان کە گەورەبووین هەمان کاردەکەین یاخود ئەبێتە مۆرکێکی ناشرین بۆ دوا ڕۆژمان تا گەورەبووین لێپرسینەوەمان نەبوو، دایكو باوکم دەیانگوت کوڕی بای دەرن کە گەورەبووین یاخود سەرەتای گەورەبوونمان بوو کە باوکمان کۆچی دوایی کرد، ئێمەش بۆ بژێوی ژیانمان زۆرجار پەنامان بۆ دزی ئەبرد، بەڵام دایکم لێپرسینەوەی نەبوو بەرانبەرمان کە بڵێت چۆنتان پەیداکردووە هەر بەهۆی ئەوەشەوە چەندین جار لەسەر دزی گیراوم بەڵام ئێستا ژیریم کامڵ بووە دەبێت من منداڵەکانم بەپێچەوانەی پەروەردەی خۆمەوە پەروەردەبکەم.

درەخشان عومەر عەلی: ژنی ماڵەوە ٣٨ ساڵ تەمەنی من لەشەش مانگی تەمەنمدا دایکم کۆچی دوایی کرد، پاشان پورێکم بردمیە لای‌خۆی ئەوو مێردەکەی پەروەردەیان کردم کە خۆیان جگە لەمن هیچ منداڵێکیان نەبوو واتا وەجاخ کوێربوون منیان زۆر بەنازداری بەخێو دەکرد بەڵام من ئەم نازداریەم وای لێکردم کە گەورەبووم لەخۆم بایی ببم وام هەست دەکرد کە هەرچی بکەم عەیب نییە وام لێهات پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ زۆر کەسدا کرد، بەڵام لەهیچیان سەرکەوتوو نەبووم چونکە زۆر هەڵەبووم زوو هەڵدەخەڵەتام بەڵام دایكو باوکم واتا پورمو مێردەکەی هیچ ئامۆژگاریان نەبوو بۆم لەو بارەیەوە پاشان بە ناچاری شووم کرد بە کەسێك کە زۆر ژیانم ناخۆشە لەبەر ئەوەی ئەو رابردووم دەزانێ زۆرجار ئەیداتەوە بە ڕووومدا یاخود باسی ئەو کەسانە دەکات کە پێشتر من پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵیاندا هەبووە ئەوەش بۆ من خەمێکی گەورەیە.

هێمن لەتیف: شۆفێر، پێش هەموو کەسێك باوکم کاریگەری زۆری کردە سەرم ئەویش بە وەی کە مامەڵەی لەگەڵ خوشكو براکانم‌و بەتایبەتی دایکم زۆر خراپ بوو زۆر دڕندانەو بێ بەزەییانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردین هەر بەهۆی ئەوەشەوە نەمانتوانی کەسمان خوێندن تەواوبکەین هەرزوو خوشکەکانمان دا بەشوو بەڵام ئێمە زیاتر سۆزی دایکمان کاریگەری هەبوو لەسەرمان دەمانزانی کە چەندە باوکمان دڵڕەقو خراپە بەرانبەری. کاتێ منیش خێزانم پێکهێنا نەمویست وەك باوکم مامەڵە لەگەڵ ژنەکەمدا بکەم بەڵکو زۆر بەپێچەوانەی باوکمەوە ڕەفتارم دەکرد ئازادیەکی تەواو خۆشگوزەرانیەکی زۆرم دا بە ژنەکەم بەڵام ئەو بە پێچەوانەی منەوە وایدەزانی ئەو سۆزو خۆشەویستیەی بۆ ئەو هەمە بۆ هەموو کەسێك وام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێکی منی کۆنترۆڵکردبوو کاتێ ئەمویست بەرەنگاری ببمەوەو خۆمی لێ تووڕەبکەم یەکسەر بیری دایكو باوکم ئەکەوتەوە ناچار بە سۆزو خۆشەویستو بە هاوکاری خوشكو باری منو ئەو باشتر دەبوو بەڵام ئێستاش دەڵێم تا مردن وابوایە نەمدەتوانی هیچ شێوازێکی خراپ بەکاربهێنم بەرانبەری چونکە خراپی باوکمم لە بیرە بەرانبەر دایکم.

سۆزیار سەردار: کچی ماڵەوە خەڵك یەکجار زەرەمەند دەبێت من هەتا هەتایە لەبەر ئەوەی دایکم بەنا بەدڵ شووی کردووە بە باوکم هەر ئەو نابەدڵیەیە وای لێکردووە کە هیچ سۆزێکی نەبێت بەرانبەرمان زۆر بە توندو تیژیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردین‌و هیچ سۆزێکی دایکایەتی نەبوو بۆمان وامانده‌زانی باوەژنە هەر ئەوەبوو وای لێکردین هەر یەك لەئێمە تووشی چەندین هەڵەببین بە تایبەتی من لەبری ئەو سۆزو خۆشەویستیەی لەگەڵ دایکما هەمبێت هەرجارە پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕێکدا دەکرد هەموو ڕازوونیازی دڵی خۆمم بە ئەوان دەگوت پاشان لەگەڵ هیچیان سەرکەوتوو نەبووم بۆیە هەتا هەتایە لەژیاندا زەرەرمەندم ئەویش لەئەنجامی بێ سۆزی‌و بی نازی دایکمدا، تا ڕۆژی مردن من چاوەڕێی دایکێکم لەگەڵ باوکمدا لەباوەشی سۆزی هەردووکیاندا ئارام بگرم.

بڕوا ساڵح: کاسب، ئێمە دوو خوشكو سێ برابووین هەر لەمنداڵیەوە دایكو باوکمان بەکارەساتی ئۆتۆمبیل کۆچی دواییان کردووە، ئەم خوشكو برایانە هەریەکەمان لەلای خزمێك بووین واتا پورو مامو خاڵ بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆریان لە منداڵەکانی خۆیان جیادەکردینەوە لەڕووی نازیشەوە زۆر بێ نازبووین، هەستمان بە بێ ئارامی دەکرد کە یەکتریمان ببینیایە ڕازوونیازمان لای یەکتر دەدرکاند. بەڵام برا گەورەکەم لەلای پورێکم بوو، ئەو زۆر باش بوو لەهەموو ڕوویەکەوە پورم هاوکاری دەکرد، بەهاوکاری ئەو پورەم، خانووێکمان گرت بەکرێ هەر پێنجمان بووینە خێزانێكو برا گەورەکەم بەخێوی دەکردین. خوشکە گەورەکەشم زۆر ژیر بوو ئەویش خزمەتی ئەکردین زۆر بە پەروەردەیەکی جوان‌و دروست کە هیچ کەمی نەبوو لەوانەی کە دایكو باوکیان هەبوو، بگرە باشتریش تا خوێندنمان تەواوکرد ئێستاش ئێمە هەریەکەمان خێزانی دروست کردووە، زۆر سوپاسی برا گەورەو خوشکە گەورەکەم دەکەین کە بۆ ئێمە بوون بەدایكو باوك.